# لە بواری ڕۆشنبیریدا

# لە بواری ڕۆشنبیریدا

بەردەوامبوونی چالاکیی جۆراوجۆری ڕۆشنبیری و وەرزشی لە کوردستاندا ڕوویەکی گەشی تری چالاکییەکانی حکوومەتی هەرێمە کە بایەخی بە پاراستنی زمان و فۆلکلۆری میللی و بووژاندنەوەی هونەر و ئەدەبی کوردی و ڕۆشنبیریی تورکمانی و ئاشوری داوە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠١دا بەردەوام بووە لەسەر بەستنی کۆڕ و کردنەوەی پێشەنگە و کاری ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی هوشیاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی نیشتیمانپەروەرانە و بیروڕای دیموکراتی.

هەروەها گرینگیشی داوە بە پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستان کە نیشانەی ڕەسەنایەتی و دەوڵەمەندیی شارستانی نیشتمانین و مووزەی شارستانی کوردستانی بەڕووی قوتابیان و بینەراندا، بەتایبەتیش مێوانانی هەرێم کراوە بووە.

جگە لە چالاکیی ڕۆشنبیری، حکوومەتی هەرێم بایەخی بە وەرزشی لاوان داوە و لەم بوارەدا سەرەڕای هەولێری پایەتەخت و شاری دهۆک، چالاکی وەرزشی جۆراوجۆر لە زۆربەی شار و شارۆچکەکاندا ئەنجام دراون.

ئەمەی خوارەوەش پوختەی ئاماری چالاکییەکانە:

### یەکەم- ڕۆشنبیری و هونەر و ڕاگەیاندن:

لەم بوارەدا گەلێک چالاکی ئەنجام دراون وەک:

١- گۆڤارەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری کە هەندێکیان مانگانە و هەندێکیان وەرزین بەگشتی لە کاتی خۆیاندا دەرچوون و چەند کتێبێک چاپ کراوە. بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی ڕابردوودا ٢,٧٦٥,١٢٨ دینار بۆ چاپکردنی گۆڤار و کتێبی جۆراوجۆر خەرج کراوە.

**گۆڤارەکانیش ئەمانەن:**

- گۆڤاری کاروان، ئاسۆی فۆلکلۆر، هەرێم و سینەما و شانۆ کە تایبەتن بە ڕۆشنبیری گشتی و ئەو بوارانە دەگرنە خۆ کە لە ناونیشانیاندا دەردەکەوێ.
- گۆڤاری هەنگ کە تایبەتە بە منداڵان مانگانە بڵاوکراوەتەوە و جێگای خۆی کردووەتەوە، هەروەها لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی هەرێم بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و بەردەوام بایەخ بە ڕۆشنبیریی منداڵان دراوە، جگە لەمەش بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتی بەم ڕۆشنبیرییە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندندا هەیە.
- گۆڤای دیجلە بە پیتی لاتینی و بە زاراوەی کرمانجی سەروو دەردەچێت و جێگەی خۆی کردووەتەوە.
- ٤٣ ژمارە لە هەفتەنامەی وەرزش بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بۆ وەرزشکاران و جەماوەری وەرزش دۆست بڵاوکراوەتەوە.
- گۆڤاری بارش کە تایبەتە بە ڕۆشنبیری و زمانی تورکمانی و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری تورکمانی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری دەردەچێت و گۆڤاری پانیپال کە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری ئاشوری لە وەزارەتدا دەری دەکات بەڕێکوپێکی چاپ و بڵاو کراونەتەوە. دەرچوونی ئەم دوو گۆڤارە نیشانەی ئەوەیە کە حکوومەتی هەرێم

بەپێی ئەو توانایەی لە ئارادایە هەلومەرجی لەباری بۆ گەشەکردنی زمان و ئەدەبیات و فۆلکلۆری تورکمانی و ئاشوری ڕەخساندووە.

٢- حکوومەتی هەرێم بەردەوام بووە لە پشتگیریکردنی هونەرمەندانی شێوەکار و لە ساڵی ٢٠٠١ دا ٢٤ پێشەنگەی تایبەتی و هاوبەشیان بۆ کراوەتەوە و ٣٤ تابلۆی جۆراوجۆر بۆ هاندان و پشتیوانی هونەرمەندان کڕاون. خەرجیی پێشەنگەکان زیاتر لە ١٠٠ هەزار دینار و نرخی تابلۆکانیش ٥٦,٨٠٠ دینار بووە.

٣- ٢٧ ئاهەنگی هونەری و کۆمەڵایەتی و بۆنە مێژوویی جۆراوجۆر لە ماوەی ئەم ساڵەدا سازکراون و بە گشتی (٧٤,١٨٠) دیناریان تێ چووە.

٤- هەر لەم ساڵەدا ٢٩ بەرهەمی شانۆگەری و فیلمی سینەمایی دەرهێنراون کە ٢٠٦,٨٤١ دیناریان تێ چووە و لەم بوارەشدا پێشکەوتنی بەرچاو هاتووەتەدی.

٥- لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆی هەرێمدا بە هاوکاریی ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی هەرێم بە گشتی ٢٥٥ بەرهەمی هونەری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و زانستی و هی تر تۆمار کراون، لەگەڵ ئامادەکردن و پێشکێشکردنی ١٠٢ بەرنامەی تایبەتی و دۆبلاجکردنی ٦٣ بەرهەمی سینەمایی و بەڵگەیی و هونەری.

٦- ٣ کۆڕ و سیمینار و ٢ فیستیڤاڵی گەورە سازکراون کە بەگشتی ١٣٤,٣٦٥ دیناریان تێ چووە، لەوانەش فیستیڤاڵێک بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی منداڵان و فیستیڤاڵێک دەربارەی شاعیری گەورەی کورد مەحوی.

٧- ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی هەرێم، جگە لە بۆنە مێژووییەکان و یادی دامەزراندنی حکوومەتی هەرێم و مێوانداریی هونەرمەندان و ڕۆشنبیران، بە درێژایی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز و بۆنە ئایینیەکاندا بایەخی تایبەتی بەڕاگرتنی ڕێز و پایەی ئەو ڕۆژانە داوە و بەرنامەی تایبەتی ئامادە کردووە. هەروەها کۆنفرانس و ئاهەنگە گرینگەکانی بۆ ئەرشیف تۆمار کردووە.

٨- ٧٧,٠٠٠ دینار وەکو یارمەتی پێشکێش بە ڕێکخراو و کۆمەڵە هونەرییەکان کراوە.

٩- سەرجەم خاوەن پیشەکان بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەتەکانیان بەسەرکراونەتەوە و، هەمان شت دەربارەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ئەنجام دراوە کە تا ئێستە زیاتر لە ١٠٠ چاپەمەنی مۆڵەت دراون.

١٠- چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری کە یەکێکە لە چاپخانە گەورە و مۆدێرنەکانی هەرێم، لەم ساڵەدا بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، جگە لە گۆڤارەکانی وەزارەتی ڕۆشنبری دەیان ڕۆژنامە و گۆڤاری حکوومی و حزبی جۆراوجۆر و دەیان کتێبی بۆ نووسەران و کەرتی تایبەتی بەچاپ گەیاندووە و لەو ماوەیەدا زیاتر لە ١٠٠ هەزار دانە بەرهەمی جۆراوجۆری چاپ کردووە.

چاپخانەکە بایەخ بە پاکیی چاپ و بەرگ و، وێنەی ڕەنگین و ڕێکوپێک دەدات.

١١- کردنەوەی پێشانگەیەکی زانستیی ساڵانە لە بوارە جیاجیاکانی زانستیدا هەروەک: کیمیا، فیزیا، ئەستێرەناسی... هتد.

١٢- کردنەوەی خولی کۆمپیوتەر بۆ فەرمانبەرانی وەزارەت و، چەندین خولی کۆمپیوتەر و فێربوونی زمانی ئینگلیزی بۆ لاوان بەگشتی.

١٣- کردنەوەی چەندین پێشەنگە هەروەک: پێشەنگەیەکی تایبەت بە فۆلکلۆر.

**دووەم- شوێنەوار:**

١- مۆزەخانەی شارستانیی پایتەخت بە ڕووی قوتابیان و میوانان و بینەراندا کراوەتەوە، بۆ نموونە تەنیا لە مانگی ئایاری ٢٠٠١دا ٨٥٨ قوتابی سەردانی مۆزەخانەکەیان کردووە، ئەمە جگە لە دەیان میوان و هاوولاتی.

٢- هەر لە ماوەی ئەم ساڵەدا ١١٦ مۆڵەت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوارەوە بەپرۆژەی جۆراوجۆر بەخشراوە، هەروەک پرۆژەکانی پەلەوەر و بەخێوکردنی ماسی و باخچەی میوە و بەخێوکردنی مانگا و چەندین پرۆژەی جۆراوجۆری تر.

٣- شوێنەوارە گرینگەکانی هەولێر و دهۆک پارێزراون و بەردەوام بەسەرکراونەتەوە و هەوڵ و کۆشش بەردەوامە بۆ ئاواکردنەوەی ئەو باڵەخانە و ئاسەوارانەی کە مەترسیی ڕووخان و لەناوچوونیان هەیە بەتایبەتیش لە ڕێگەی بەرنامەی (٩٨٦)ەوە.

**سێیەم- وەرزش و لاوان:**

١- بایەخ دراوە بە وەرزشی لاوان و بەپێی توانا پشتگیری و یارمەتیی دەیان تیپی وەرزشی لاوان لە شار و شارۆچکەکاندا کراوە و دەیان چالاکیی وەرزشی ئەنجامدراوە.

٢- بەپێی ئامار لە ساڵی ٢٠٠١دا ئەم یارییانە ڕێک خراون و سەرپەرشتی کراون: ٢٧ یاری تۆپی پێ، ٢٠ یاری باسکە و ٢٨ یاری باڵە، ١ خولی تۆپی سەرمێز.

٣- سێ کۆڕ و سمینار لە هەردوو پارێزگەی هەولێر و دهۆک سازکراون.

٤- هەوڵ دراوە زۆربەی ناوچەکانی هەردوو پارێزگە بەشداری لە خولە وەرزشییەکاندا بکەن، جگە لە مانەش مەشق و ڕاهێنانی تیپەکان بەردەوام بووە.

٥- بەگشتی ١٥٠,٠٠٠ دینار وەکو هاوکاری پێشکێش بەو تیپە میللییانە کراوە کە بەشدارییان لە خولی تۆپی پێی (بارزانی نەمر)دا کرد.

٦- پێشبڕکێی یاری شەترەنج لەسەر ئاستی هەولێردا کرایەوە و، دوو پێشبڕکێی ڕاکردن لە هەولێر و زاخۆ بەبۆنەی جەژنەکانی ئادار و نەورۆزەوە ئەنجام دران.

٧- دابینکردنی کەلوپەل و پێداویستی جۆراوجۆر بۆ بنکە وەرزشییەکان.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە حکوومەتی هەرێم بەپێی ئەو توانایەی بۆی ڕەخساوە، چالاکییە ڕۆشنبیری و وەرزشیەکانی بەڕێوە بردووە و پێشی خستوون.

لە بواری پێوەندیی ڕۆشنبیری بە دەرەوەی هەرێمیش، حکوومەتی هەرێم بەردەوام بووە لەسەر میوانداریکردنی هونەرمەند و نووسەر و تیپە هونەرییەکانی کوردستانی ئێران و شوێنانی تر، بۆ ئەوەی ئاشنایەتی لەگەڵ ئەزموونی هەرێمدا پەیدا بکەن بە تایبەتیش لەسەر ئاستی ڕۆشنبیریدا و، نووسەر و هونەرمەندانی ناوەوە و دەرەوە ئەزموونی خۆیان بە یەکتر بگەیەنن.

سیاسەتی ڕۆشنبیریی هەرێم لەسەر بنەمای ئازادی بیروڕا و بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری دیموکراتی و گیانی تەبایی و لێبوردەیی لە نێو خەڵکی کوردستاندا، بە کورد و تورکمان و ئاشوری و کلدانیەوە، دامەزراوە. هەروەها بایەخ بە پێوەندیی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتیی ڕۆشنبیرانی هەرێم بە ڕۆشنبیرانی ناوچەکانی تری عێراق دراوە، کە ڕەنگدانەوەی ڕێباز و بەرنامەی حکوومەتی هەرێمە بۆ عێراقێکی دیموکراتی پەرلەمانی فیدرالی فرە ڕۆشنبیری.

## ئەو گۆڤارانەی لە ماوەی یەک ساڵدا دەرچوون

| ز | ناوی گۆڤار | ژمارە | پارەی تێچوو (دینار) |
|---|---|---|---|
| ١ | گۆڤاری دجلە | ٩ | ٣١٥,٠٠٠ |
| ٢ | گۆڤاری هەنگ | ١٠ | ٣٠٠,٠٠٠ |
| ٣ | گۆڤاری پانیپال | ٣ | ٧٥,٠٠٠ |
| ٤ | گۆڤاری کاروان | ٨ | ٥٦٠,٠٠٠ |
| ٥ | گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆری | ٣ | ١٠٥,٠٠٠ |
| ٦ | گۆڤاری بارش | ٤ | ١٩٢,٠٠٠ |
| ٧ | گۆڤاری هەرێم | ٢٠ | ٧٠٠,٠٠٠ |
| ٨ | گۆڤاری سینەما و شانۆ | ٢ | ٩٠,٠٠٠ |
| ٩ | هەفتەنامەی وەرزش | ٤٣ | ٣٧٦,٢٥٠ |
| کۆی گشتی | | دینار | ٢,٧١٣,٢٥٠ |